**ڕاگەیاندن...**

## بکوژی لاڤە جەمالی تەمەن 4 ساڵ ، نابێت لەسێدارە بدرێت..!!



لاڤە جەمال ئەو منداڵە خنجیلانە ئێسك سوكە بوو كە ڕۆژی 2-4-2006 لە ماڵ چووە دەرێ و ئیتر بۆ هەمیشە نەگەڕایەوە ، دواتر دەركەوت كە نەقیب مریەمی دراوسێیان بكوژی لاڤە جەماڵە و 23-4-2006 دوای دەستگیر كرنی مریەم ئەحمەد دانی بە تاوانەكەیدا نا. سەنتەری بەرگری لەمافەكانی منداڵان یەكەم ڕێكخراوە كە لە ڕۆژی 15-5-2006 دا لە هۆڵی سەنتەری گەنجان لە سلێمانی مەراسیمێكی پڕشكۆی ڕێزگرتن لە یادی لاڤە و بۆ ئیدانە كردنی ئەو تاوانەو بەگشتی نەهێشتنی توندو تیژی لە دژی منداڵان بەڕێكرد، وە وەك هەمیشەش سەردانی سروەخانی دایكی لاڤە و بەگشتی خێزانی لاڤەیەیان كردووەو وێڕای دەربڕی هاوخەمی نیگەرانی قوڵی خۆمان، وە ئامادەیی خۆمان بۆ هەرجۆرە هاوكارییەك دەربڕیوەو لە دادگاش لەم بارەوەو لەسەر تۆمەتبار مریەم ئەحمەد داوامان تۆمار كردووە.

ئەوەبوو ڕۆژی 24-1-2007 لە دووەمین دانیشتی دادگایی كردنی مریەم ئەحمەد دا كە 5 كەس لە نوێنەرانی سەنتەری منداڵان ئامادەی بوون ، لەدادگادا مریەم دانی بەتاوانەكەیدا ناو ووتی: من لاڤەم كوشتووە. هەرهەمان ڕۆژ دادوەری دایكی لاڤە بەكر حەمە صدیق لە چاوپێكەوتنێكیدا لەگەڵ ماڵپەڕی كوردستان نیوز باس لەوە دەكات كە ئەگەری ئەوە هەیە سزای لەسێدارەدان بەسەر مریەمدا بدرێت.







ئێمە لەسەنتەری بەرگری لە مافەكانی منداڵان هەر لەیەكەم ڕۆژی ڕوودانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەوە بەدوای ئەوەوە بووین كە تاوانبار دەستگیرو دادگایی بكرێت و سزا بدرێت، بۆ ئەوەی جارێكی بۆ هیچ كەس ئاسان نەبێت ئاوا دڕندانە هەستێت بەكوشتنی منداڵ و یان ئەزیەت و شكەنجەدانیان. بەڵام سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منداڵان بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ سزای لەسێدارە دان نین و نابێت مریەم لە سێدارە بدرێت. سزای لە سێدارەدان سزایەكی بەتەواوتی نامرۆڤانەیەو نابێت بەهیچ بیانوویەك مرۆڤ لە سێدارەبدرێت، لەسێدارەدانی مریەم هیچ كێشەیەك چارسەر ناكات و تازە گیانی لاڤە جەمال بۆ ژیان ناگەڕێنێتەوە، بۆیە ئێمە لێرەشەوە داوا لە سروەخان و باوكی لاڤە و هەموو ئەوخەڵكانە دەكەین كە بۆ بەرگریكردن لە مافەكانی منداڵان لەگەڵماندان و دەیانەوێت توندوتیژی لە دژی منداڵان كۆتایی بێت ، دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی ئێمە لە پێناوی لە هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارە دانی مریەم و بەگشتی لابردنی سزای سێدارەدان وەدەنگ بێن.

**سەنتەری بەرگری لەمافەكانی منداڵان**

www.santarimnalan.com

26-1-2007